Acansa Nûçên Kurdistan
SotKurdistan
صوت كردستان

# پەیامی دامەزراندنی  ئاژانسی هەواڵ و نووچەی (دەنگی کوردستان)

کوردستانیانی هێژا
دۆستانی گەلی کوردستان

لەبەر ئەوەی نەژادپەرستان  و داگیرکەران بەردەوامن لە هێرش کردن بۆ سەر گەلەکەمان و خەریکن ڕاستیەکان دەشێوێنن و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەردەم و جیهانگیری دژ بە کێشەی گەلی کوردستان و سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان چالاکانە بەکاردێنن، هەروەها لەبەر لاوازی وەڵامدانەوەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان بۆ ئەو دەزگاناحەزانە، ئێمە بە باشمان زانی ماڵپەڕێکی ئلکترۆنی ڕۆژانە بکەینەوە  کە بەبەردەوامی نوێ بکرێتەوە. ئەم ماڵپەڕە بەشە عەربیەکەی ناوی (سوت کوردستان) ی لەخۆناوە.

هاوکات هەوڵدەدەین ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان دروست بکەین کە پەیامنێری لە هەموو بەشەکانی کوردستانی هەبێت، هەروەها لە وڵاتانی تریش.

ئەم ئاژانسە هەوڵ دەدات تیوریەکانی ڕاگەیاندن سەردەمیی بەکاربێنێت. کوردستانی،  بێلایەنی، سەربەخۆیی، ئازادی گەیاندی دەنگ و هەواڵ، یەکسانی ماف بۆ ژنان لە ڕاگەیاندندا،  شێوەی کاری ئێمەیە. ئەم دەزگا بچووکە هیچ پەیوەندیەکی بە هیچ پارتێکی سیاسیەوە نیە و هیچ پارتێک یان ڕێکخراوێک پاڵپشتی ناکات و ئەرکی دارایی بە شێوەیەکی کەسایەتی دابین دەکرێت. لەبەر کەمی توانان و نەبوونی دارایی، سەرەتا بەزمانی عەرەبی هەواڵەکان و ڕاپۆرتەکان و بابەتەکان بڵاودەکەینەوە وپاشان بەشی کوردیش دەست بەکار دەبێت.

لەم پەیامەدا داوا لە دڵسۆزانی گەلەکەمان دەکەین ئەوانەی دەیانەوێت وەک پەیامنێر یان کارمەند لەگەڵمان کاربکەن، پەیوەندی بە ئێمەوە بکەن. ئێمە پێویستیمان بە پەیامنێرە لە: باکووری کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باشووری کوردستان، باشووری ڕۆژئاوای کوردستان و دەرەوەی کوردستان.

هەلبەتە کارەکە تەنیا خزمەت دەبێت و بەخۆڕاییە بە هەمان شێوەی کاری ئێمە. هەر وەها پێویستیمان بە کەسانی شاەول هەیە لە بورای تەکنیک و کومپیوتەر لە دەرەوەی وڵات.
دەستەی نووسەرانی ئەم دەزگا بچووکە ڕامان نەگەیاندوە تاوەکوو  دەرگا ئاواڵەبێت بۆ بەشدرابوونی هەر کەسێکی بەتوانا لەو بوارەی کە شارەزایی لێی هەیە و بسپۆرە لێی.

بە هیممەت و پشتگیری ئێوە، هیوادرین بتوانین ڕۆڵی شۆڕشی پرتەقاڵی لە ڕاگەیاندنی ئلکترۆنی کوردیدا بگێڕین.

ناو نیشانەکان:
ئادرسێ عەرەبی
sotkurdistan.com or www.sotkurdistan.com
ئادرسی کوردی کو هێشتا نەکەوتۆتە کار:
www.kurdistanan.com
پەیوەندی: sotkurdistan@gmail.com kurdistanan@gmail.com

**کارگێرانی**

**سوت کوردستان**

**کوردستان ئان**